# تورکیا

# خەونی حوشتر دەبینێ !



ئازاد حەمەدەمین

تورکیا لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا بەڕەسمی ناوی خۆی خستە ناو لیستی ئەو لایەن و تەوژمانەی دەیانەوێ ڕابردووی دیکتاتۆری لە ئێراق بژێننەوە و دژی هەموو خواستێکی دیموکراتی و شەرعی و دەستوورییانەی گەلانی ئێراقن، لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی جێبەجیکردنی مادەی «١٤٠» کەتەنیا هەر پەیوەست نییە بە کەرکوک، تورکیا زۆر بەهەڵپە و بە هەناسە سواری سەرقاڵی هونینەوەی خیتابێکی کۆنە بەڵام بە مۆدێلیکی نوێ لە هەڵومەرجێکی تازە کە تورکیا لە ئاستیا تا ئەوپەری دەستەو سان و بێ دەسەڵاتە، تورکیای عوسمانلی ئێستا لەسەر دەستی حزبێکی تام ئیسلامی لە ناڵ دەدات و لە بزماریش دەدات، تورکیا کە لە ڕۆژگاری سەدام حوسێن زوو زوو وڵاتانی ئیقلیمی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خواستەکانی کوردستان کۆدەکردەوە و بۆ ئەمەش پروتوکولێکی لەگەڵ سەدام حوسێن مۆر کردبوو بۆ قوڵاییی ٢٠ کلم دەیتوانی سنوری ئێراق ببەزێن.

ئەمرۆ بەتە نیا ماوە تەوە، سەرەک وەزیرانی تورکیا ئەردوگان لەلایەک دەیەوێ تورکیا وەکو وڵاتێکی موسلمان و هاوسۆز لەگەڵ کێشەکانی موسلمانان خۆی بخاتە ڕوو, لەلایەکی تر لەبن پاڵەپەستۆی سوپا و دەستوری وڵاتی تورکیای علمانی و، ڕووبەرووی دوو فاقیەک بۆ ئەوە, کەلە ژێر باری ئەو تە نگژانەی ڕووبەرووی دەبنەوە کە یەکێکیا ن ئە جێندەی بونی بە ئەندامی یە کێتی ئەوروپا یە کە تەواو شکستی هێناوە،دەیە وی بەدروستکرد نی ئە جێندەی تورکما ن و بەرەی بەناو تورکمانی بە مۆدێلێکی تازە قەناعەت بە سوپا و ڕای گشتی تورکیا بێنی ,دوای بە ڕێکخستنی چالاکی جۆراوجۆر بەناوی جۆراو جۆر بۆ ئەم مەرامە، ئاکام ئەردوگان بۆ ئەندامانی حزبەکەی ڕایگەیاند (هەوڵ دەدرێ پێکهاتەی دیموگرافی شاری کەرکوک بگۆڕن و ئێمە چیتر تەماشاکەر نامێنینەوە ) بەگوتەی سەرۆکی بەرەی تورکمانی لەو کۆنگرەیەی بەناو بۆ کەرکوک لە ئەنقەرە گرێدرا (کوردە کان بە هەزاران پە نابەری ئێرانییان هێناوە بۆ کەرکوک )کە لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی حزبی ئیسلامی ئێراق و فەزیلە و حزبەکەی ساڵح موتلەگ و ویفاق چەپلە یان بۆ لێدەدا ,پاشان عەبدوللا گول نە یشاردەوە کە (تورکیا نا توانێ دەسبەرداری بەرژەوەندییەکانی تورکمان بێت لە شیمالی ئێراق )هەروەک گۆل گوتی (کوردەکانیش وەکو تورکمان خەلکی ئێمەن وەکو چۆن سالی«١٩٩١» بە هانای کوردەکانەوە هاتین ,ئاواش ئەرکمانە گرنگی بە ڕەوشی تورکمان بدەین و نابێ ئەوە بە دەخالەتی کاروباری ناوخۆی ئێراق دابندرێت ) هەروەکو لەژێر تایتلی کێشەکانی ئێراق، پەرلەمانی تورکیا هەوڵ دەدات تا سێ شەمە واتە بەیانی پرۆژەی پێشنیاریک گەڵاڵە بکات ریفراندۆمی کەرکوک بخریتە ئەجیندە و سەرپەرشتی( UN )کەئەم دەستێوەردان و هەق بە خۆدانەی تورکیا کە قسە لە مەسەلە چارەنووسسازییەکانی کوردستان و لە جیاتی ئێراقییەکان خۆیان پێشنیاز گەڵاڵە بکات جگە لەو نارەزاییە توندەی لە کوردستان و ئێراق لە بەرامبەر تورکیادا دروست بووە ,ئەمەریکاش ئەمجارە بەڕاشکاوی تورکیای لەم لە خۆڕازیبوون و زیادەڕۆییە ئاگادارکردەوە ,وەکو لە ڕۆژنامەی حوریەت بڵاوبووەوە کوندالیزارایز گوتی: ئەگەر ئێراق هەڵبوەشێتەوە کوردەکان ناچارن بریارێکی جیاواز بدەن، تۆم کەیسی گوتە بێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گوتی: (پرسی کەرکوک بەپێی دەستوری ئێراق چارەسەر دەبێ و بۆ تورکیا نییە لەو بارەوە لێدوان بدات ) وروس ویلسون بالیوزی ئەمەریکا لە تورکیا گوتی (پرسی پەکەکە هیچ پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە ) بۆیە بەڕای چاودێران تورکیا مەبەستی لەم گرژییە تازەیە تەنیا دۆزینەوەی دەریچەیەکی شەرعی وبەهانەیەکە بۆ ڕازی کردنی عەمبارەکانی سوپاو خۆ قورتار کردنە لەم دوورە پەرێزیەی کەتێی کەوتووە ,بەپێی لێکۆڵینەوەی چاودێرانی سیاسی لە تورکیا، تورکیا نەک هەر ناتوانی هیچ دەخالەتێک بکات بەڵکو زیاتر دوورەپەرێز دەبێت و ناشتوانێ بەم سیاسەتە پێناسەییەکی تازە بۆ سروشتی دەسەڵاتی ئێستای تورکیا ساغ بکاتەوە.